# وێنەکانت بۆ سەدەیەک تێکناچن

**لە سەردەمی دیجیتاڵ بوونی کامێرادا و هەروەها بوونی کامێرای مۆبایل، بەداخەوە ئەلبۆم و وێنەی سەر کاغەز بەتەواوی باویان نەما. دەگوترێ منداڵی ئەم سەردەمەی ئێمە هەزاران وێنەی هەیە و یەك وێنەشی نییە! لە مۆبایلەکاندا هەزاران وێنە هەیە بەڵام کەم کەس وێنەکان دەخاتە سەر کاغەز. لە کاتێکدا لەم سەردەمەدا بە یەك چرکە وێنەکان دەخرێنە سەر کاغەز، پرینتەری زۆر باش لەم بوارەدا بەرهەم هاتوون، وەك ئەو دوو پرینتەرەی کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.**



## پرینتەرێک لەلایەن HP یەوە

پرینتەری جۆری HP Sprocket Studio Studio لە ریزی پرینتەرە سەرکەوتووەکانی بواری چاپ کردنی وێنە دێت، ئەم وێنانە لەسەر کاغەزێکی تایبەت چاپ دەبن، کە لەناو ئاویشدا کێشەیان بۆ نایەتە پێش و وەك دەگوترێ هەتا سەدەیەك وێنەکان هیچیان لێنایەت، نە رەنگیان کاڵ دەبێتەوە و نە بە کەش و هەواش تێکدەچن.

وێنەکان بە قەبارەی جیاجیا چاپ دەکرێن، راستەوخۆ لە رێگای بلوتوس و پرۆگرامی تایبەت بەخۆیەوە وێنەکان بۆ پرینتەرەکە بەرێ دەکرێن. پرینتەرەکە لەگەڵ تۆرە کۆمەڵایەتیەکانیش پەیوەند دەدرێ و راستەوخۆ دەکرێت وێنەکان لە google photoەوە وەربگرێ.



## پرینتەرێک لەلایەن Canon ەوە

پرینتەری جۆری Canon SELPHY CP1300 کە بەرهەمی کۆمپانیای کانوونە و کانوونیش بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە شارەزای بواری وێنەگرتن ناوێکی نامۆ نییە. کانوونیش سەبارەت بەم پرینتەرە دەڵێت وێنەکان لەسەر کاغەزێکی تایبەتی چاپ دەکرێن کە هەتا سەدەیەك نە بە ئاو و نە بە کەش و هەوای نالەبار تێکناچن.

لە رێگای پرۆگرامی Canon printەوە وێنەکان بۆ پرینتەرەکە بەرێ دەکرێن، یا دەکرێت لە رێگای USB و میمۆری کارتی کامێراکانەوە وێنەکان وەربگرێ.

پرینتەرەکە بچووکە بۆ هەر شوێنێك دەکرێت لەگەڵ خۆتی بەری، شەحن دەکرێتەوە و هەتا چاپ کردنی سەد وێنەش شەحنەکەی دانابەزێت. شوێنی دانانی ١٨ کاغەزی تایبەت بە وێنەی لە جۆری کارت پۆستاڵ هەیە.

# کێ بۆ یەکەمجار مۆبایلی داهێنا

مۆبایل ئەم ئامێرەی رۆژانە بۆ ساتێکیش لە خۆمان دووری ناخەینەوە، زۆربەی ئەرکی رۆژانە بە مۆبایل ئەنجام دەدرێن، مۆبایل شوێنی کاتژمێر، تیڤی و کۆمپیوتەر، ریکۆردەر، پلەیەری مۆسیقی...تادی گرتۆتەوە.

دکتۆر مارتێن کۆپر Martin Cooper کە بە باوکی مۆبایل دەناسرێ. لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەم مۆبایلی بەناوی DynaTAC 8000X خستە بازاڕەوە، مارتێن کۆپەر لە ساڵی کە لە کۆمپانیای مۆتۆرلا کاری دەکرد، بیرۆکەی داهێنانی مۆبایلی لە فیلمێکی خەیاڵی زانستی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٧٣ توانی بە داهێنانی مۆبایلە گەورەکەی خۆیەوە کە زیاتر لە کیلۆیەك بوو قسە بکات. بۆ ئەو سەردەم بۆ ئامێرێکی وا، کێشی کیلۆیەك بۆ ئامێرێکی وا بە کێشێکی کەم دادەنرا. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا گۆڕانکارییەکی زۆر بە سەر



# سەرنجێک لەسەر پێشکەوتووترین لاپتۆپی گەیمی جیهان

لاپتۆپە گەیمینگەکان ئەو لاپتۆپانەن کە هەم لە بواری سەختە ئامرازەوە و هەم لە بواری نەرمە ئامرازەوە لە بەرزترین ئاستدان. ئەم لاپتۆپانە هەموو ئەرکێکیان پێ رادەپەڕێندرێ، لە گەیمە قورسەکانەوە بگرە هەتا کاری دژواری گرافیکی و سینەمایی..

لاپتۆپی جۆری : Acer Predator Triton 900 لە ریزی یەکەمین لاپتۆپە گرنگەکانی جیهان سەیر دەکرێ. کارت گرافیکی لە جۆری GeForce RTX 2080 و یەکەی لێکدانەوەی واتە پرۆسیسەرەکەی لە جۆری Core i7ە. هاردەکەی کە لە جۆری SSDیە یەك ترابایتە. لە بواری دیزاینەوە جیاوازی لەگەڵ زۆربەی لاپتۆپەکان هەیە و چونکە مۆنیتۆرەکەی جوڵە دەکا و بۆ هەموو لایەك دەسووڕێت و دەکەوێتە سەر بەشی کیبۆردەکەش.

کوالیتی نیشاندانەکە لە جۆری 4Kیە و باترییەکی زۆر بەهێزی لەسەرە. شوێنی دانانی دوو رامی هەیە کە هەرکام لە شوێنەکان رامی ١٦ گیگابایتیان لەسەر داندراوە.



## ...نا؟

...مۆبایلدا هاتووە، هەم قەوارەکان بچووك بوونەو هەم کاراییەکان چۆتە سەر.

ئەم ئامێرە بچووکە ئەگەرچی تەنیا ئامێرێکی پەیوەندی کردنە، بەڵام ئێستا کاریگەری لەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی رۆژانە داناوە، بە جۆرێك جیهانی پێش مۆبایل و دوای مۆبایل لە زۆر رووەوە جیاوازی زۆرە.


# پاوەربانکێک پەنجەکانت گەرم دەکاتەوە



ئێستا وەرزی سەرماوسۆڵەیە، لە وەرزێکی وادا جێگایەکی گەرم هەموو شتێك دێنێ، یان ئامێرێك کە بتوانرێت لەکاتی رۆیشتندا بۆ ئەوەی پەنجەکانت نەتەزن گەرمیان بکاتەوە..

کۆمپانیای شیائومی پاوەربانکێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە جگە لەوەی ئەرکی خۆی وەك پاوەربانك ئەنجام دەدا بۆ پەنجەکانی بەکارهێنەری گەرماش بەرهەم دێنێ. پاوەربانکەکە لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە.

لەسەر پاوەربانکەکە دوو دوگمە هەیە هی لای چەپ دەکرێت کرداری وزەی مۆبایلەکە کۆنترۆڵ بکرێت و هەروەها ئەو وەزەیەی لە پاوەربانکەکەدایە نیشانی دەدا. دوگمەی لای راست ئەگەر بۆ ماوەی سێ چرکە رابگری گەرما بەرهەم دێنێ. هێزی وزەکەی پێنج هەزار میلی ئامپێرە. سێ رەنگی سەوز و پەمەیی و سوور هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت ئایا راستە دەڵێن ئەو پرۆگرامانەی لەسەر مۆبایل دایدەبەزێنین سیخوری بەسەرمانەوە دەکەن؟**

لە وەڵامی ئەم بەرێزە و زۆر کەسی دیکەش کە گومانی ئەوە دەکەن سیخوڕی لە رێگای ئەپلکەیشنەکانی مۆبایلەوە دەکرێت، دەڵێم بەداخەوە ئەمە راستە، بەشێکی هەرە زۆری پرۆگرامەکان کاری سیخوڕی دەکەن، دزە دەکەنە ناو گەلەری و وێنەکانتان، زۆریشیان پەیوەندییەکانتان دەخەنە ژێر چاوەدێری و تەنانەت لە رێگای ئەو ئاپانەوە پەسۆردەکانیشتان بەدەست دێنن..

هیچ رێگا چارەیەك نییە بۆ خۆ دەرباز کردن لە سیخوڕی ئەپەکانی مۆبایل، هەرکاتێك ئەپێکی نوێ دادەبەزێنی، داوات لێدەکات ئیزن دەکەی کە چاودێری وێنە و پەیوەندی و شوێنی رۆیشتن و هاتووچۆکانت بکەم، ئەگەر ئیزنی پێبدەی ئەوە سیخوڕیت بەسەر دەکرێ، ئەگەر ئیزنیشی نەدەی ئەوە پرۆگرامەکە کار ناکات.. یلە دونیای تەکنەلۆژیای سەردەم هیچ نهێنییەك نییە، مەگەر ئەوەی کە ئامێرەکانی سەردەم بەکارنەهێنی..

## پاوەر بانکێ

پاوەربانك ئەو باترییانەن کە لەکاتی پێویستدا دەتوانن ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە شەحن، بارگاوی بکاتەوە و خودی پاوەڕبانکەکەش بە کارەبا شەحن دەبنەوە.

قەبارەی پاوەربانکەکان جۆراوجۆرن، بەڵام زۆربەیان هەم کێشیان زۆرە و هەم قەبارەیان گەورەیە. پاوەربانکی جۆری Joopzy`s Fast Charging هەم قەبارەی بچووکە و هەم کێشەی کەمە. توانای هەڵگرتنی وزەی هەزار



## رۆبۆتەک

**«دەنگی دڵی من... من نیم**
**هەتاو چەندە جوانە**
**بێدەنگی دارستان درێژەی هەیە و تەنیا نوور هەست پێدەکرێ»**

ئەمە یەکێك لەو هۆنراوانەیە کە لە کتێبی «تیشکی خۆر شووشەی پەنجەرەی ون کردووە» بڵاوکراوەتەوە، لەم کتێبەدا کە بە زمانی چینی نووسراوە ١٣٩ هۆنراوە هەیە. بەڵام دانەرەکەی




# پرۆگرامێک فیلمە ئاساییەکان دەکاتە HD

فۆرماتی فیلمی HD لەم سەردەمەدا یەکێکە لە بەهێزترین کوالیتیەکانی فیلم. زووم و فوکس و گەشە و روونی لە فۆرماتی ئیچ دیدا زۆر بەرزە.. هەرچەندە فۆرماتەکانی وەك K2,K4یش ئاستیان بەرزترە، بەڵام گشتگیر نین.

زۆربەی ئەو فیلمانەی لە ساڵانی رابردوودا گیراون بە کوالیتی HD نین، بەڵام دەکرێ بەهۆی پرۆگرامی تایبەتەوە کوالیتیان بەرز بکرێتەوە. یەکێك لەو پرۆگرامانەی ئەرکی گۆڕینی فۆرمات بۆ HD دەکات، پرۆگرامی HD Video Converter Factory Proیە. پشتیوانی لە زۆربەی فۆرماتەکان دەکا. ئەو پرۆگرامە دەکرێ پێچەوانەش سوودی لێوەربگرێت، واتە فۆرمات HD بگۆڕی بۆ فۆرماتی دیکە، چونکە فیلمەکانی HD قەبارەیان زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی لە جیهانی وێب دابندرێن، دەبێ بچووك بکرێنەوە.

پرۆگرامەکە پشتیوانی زیاتر لە سەد فۆرمات دەکا. جگە لەوەش دەکرێت ئەرکەکانی وەك بڕینی فیلم، دەستکاری کردن، ئیفێکت دانان بەو پرۆگرامە ئەنجام دەدرێ.

لەناو پرۆگرامەکەدا بەشێك هەیە بەناوی دانلۆد کە راستەوخۆ فیلمەکان لە ئینتەرنێت وەدەگرێ و فۆرماتیان دەگۆڕێ. بۆ نموونە ڤیدیۆکانی یوتیوب دەکرێت بە ویستی خۆت فۆرماتەکەیان بگۆڕی.



## ماڵپەڕێک بۆ دەربڕینی زمانەکان

رەنگە زۆر جارانیش بۆ هەموومان ئەوە هاتبێتە پێش، کە دەربڕینی وشەیەك وەك زمانەکە خۆی چۆن دەردەبڕێ، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی گۆکردنی وشەکان بەپێی زمانەکە چۆنە. راستە هەندێك پرۆگرام هەن کە وشەکان دەردەبڕن، بەڵام زۆرتر ئەوانە رۆبۆت یا خۆکارن و مرۆڤ نین، بۆیە دەربڕینەکە زۆر دروست نییە، بۆ نموونە وەرگێڕی گوگل و بابلیۆن. ئەگەر بتەوێ وشەکان وەك خودی زمانەکە بزانی ئەوە ماڵپەڕی https://forvo.com/ ئەوکارئاسانییەی تێدایە، بۆ زۆربەی زمانەکانی زیندووی جیهان دەربڕینی وشەی تێدایە، بۆ زمانی کوردیش.. بەکارهێنەر دەتوانێ بۆخۆشی وشەی زیاتر لە ماڵپەڕەکەدا تۆمار بکا.

## ــــــکی بچکۆلانە



میلی ئامپێرە کە بۆ شەحنکردنەوەی دوو هەتا سێ جار مۆبایلێکی زیرەك دەگونجێت.

لەسەر ئەم پاوەربانکە بچووکە شاشەیەك هەیە کە رێژەی دروستی شەحن هەتا ١٪یش نیشان دەدا. پاوەربانکە بچوکۆلانەکە لە سیستەمی خێرا شەحنکردنەوەشی سوود وەردەگرێ.

## ـــــان شیعر و هۆنراوەش دەڵێن

مرۆڤ نییە و بەڵکو رۆبۆتەکە کە بە رۆبۆتی شاعیری خەم ناسراوە.

چاپکرانی ئەم کتێبە نووسەران و شاعیرانی خستە دوو بەرەیەوە، هەندێکیان پێیان وایە ناکرێ جگە لە مرۆڤ بە هیچ ئامێرێك بگوترێ شاعیر و ئەوانەی لە کتێبەکەش دا چاپ کراون هیچ بۆنی شێعریان لێنایە.

بەشێکی دیکەش پێیان وایە زۆربەی شێعری شاعیرە نوێیەکانیش هەر وەك شیعرەکانی رۆبۆتی شاعیرە غەمگینەکە دەچن.

لە ساڵی ٢٠١٤وە بۆ یەکەمجار لەلایەن مایکرۆسۆفتەوە رۆبۆتێك بۆ چات و قسەکردن بەرهەم هات و تا رادەیەکیش سەرکەوتوو بوو. دروستکردنی ئەم رۆبۆتە ئەم پرسیارە بەدوای خۆیدا دێنێ، ئایا زەینی دەستکرد دەتوانی لە داهاتوودا کتێب بنووسێ و لێکدانەوەی بۆ رووداوەکانی رۆژ هەبێ؟